# 8ی مارسی ئەمسال لە فنلاند رۆژی ئیعیتراز بە یاسا و شەریعەتی ئیسلامی و دەربرینی  رۆژی هاوپشتی لە ژنانی عیراق بوو!




رۆژی 8ی مارس ، رۆژی جیهانی ژنان لە وولاتی فنلاند جگە لەوەی بۆ ژنانی فنلاند نیشانەیەکی  عەزیمی گرتبوە خۆ لە چاو سالانی رابردوودا، ئەویش یادی تیپەربوونی سەد سال بەسەر خەباتی ژنان لە بەدەستهینانی  مافی دەنگدان لە بواری سیاسی و لە ئاستی  پەرلەماندا و و حساب کردنی دەنگی ژنان وەك دەنگی پیاوان لە دەستوری ئەم دەولەتەدا رەسمیەتی وەرگرت ، سەرەرای ئەو یادە لە میزووی ئەم بزووتنەویە لە فنلاند،ئەمسال لەم رۆژەدا لەچەند



بۆنه و مەراسیمی جۆراوجۆردا دەنگی ئیعتیرازی خۆیان خستە پال دەنگی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی عیراق ، ئەمە بەشیکی ئەو چالاکیيانەیە کە ئەمسال ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق وکۆمیتەی فنلاندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ئەنجامیاندا:

-رۆژی 8ی مارس کاتژمیری 4ی پاشنیوەرۆ ، ئەندامانی ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق لە فنلاند ، کۆمیتەی فنلاندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران- حیکمەتیست و شەبەکەی ژنانی دیموکراسی لە هیلسنکی پیکتیْکیان لە مەرکەزی شاری هیلسنکیدا ریکخست ، کە شیعارو لافیتەکانی حیزب دژی دەستوری ئیسلامی و دژی داگیرکاری ئەمەریکا و بژی رۆژی جیهانی ژنان مەرکەزی شاری رازاندبۆوەو لەویدا بلاوکراوەی ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق بەزمانی فنلاندی بلاو کرانەوەو بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران -حیکمەتیست بە زمانی ئینگلیسی بلاو کرانەوە.....هەر دوای پیکتەکە یەکسەر بەشدار بووان بەرەو شوینی مەراسیمی 8یمارس بەری کەوتن کە ئەم مەراسیمە لەلایەن ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق وشەبەکەی ژنانی دیموکراتیيەوە ریکخرا بوو کەلەوەوپیش ئاگاداریيەکەی لەچەند رۆژنامەی وەکوو سەتاو ڤۆیماو.... سایتی فنلاندیدا بلاوکرابۆوە....

مەراسیمەکە ژمارەیەکی زۆر لە ریکخراوی ژنانی فنلاندی و حیزبی کۆمۆنیستی فنلاند و ئەندامانی کۆمیتەی دژی شەروچەند لایەنیکی تر بەشدارییان تیادا کرد ، لەویدا چەند کەسایەتیيەکی ریکخراوەکانی ژنان قسە و باسیان پیشکەش کرد لەوانە ووتەی تووتی کۆتیلاینین بە بۆنەی 8ی مارسەوە پاشان پەیڤی ئولیاوس ووتەیەکی پیش کەش کرد و قسەوباس لەسەر رۆلی چەپ و بزووتنەوکانی ژنان و لە بەدەستهینانی ماف وخزمەتگوزارییەکاندا باسی لی کراو کەم و کورتی رۆلی چەپ و کۆمەلگا لە چەوساندنەوەی ژناندا و پاشان ئالا فەرەج نوینەری ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق لە فنلاندباسی لە ریکخراوی ئازادی عیراق ودەوری یەنار موحەمەد و کارەکانی لە عیراق کرد و پاشان وەزعیەتی ژنانی عیراق و دەوری سیاسەتەکانی ئەمەریکای لە بی هیزکردنی رۆلی ژنانی عیراقدا باس کرد و یاساکان وشەریعەتی ئیسلامی وەك خۆی ناساند و پاشان ئەوەی باس کرد کە ئەمرۆ ژنانی عیراق لە هەموو کات زیاتر پیویستييان بەهاوپشتی هەیە بۆ نەجات بوونیان لەم وەزعە، پاشان داوای پەیوەست بوونی بە کەمپینی (نا بۆ شەریعەتی ئیسلام، بەلی بۆ یاسای یەکسانی) کەلەلایەن هۆزان مەحمودەوە سەرپەرشتی دەکریتز زۆربەی بەشداربووان ئیمزای پشتیوانیان دا لەو راگەیاندنە کە بریارە نوینەرانی ریکخراوی ئازادی لەزووترین کاتدا بیگەیەننە یەنار موحەمەد....

پاشان هیلیناکیْکۆنیْن کەسایەتی ناسراوی کۆمەلگای فنلاندی ووتەیەکی پیشکەش کرد سەبارەت بە دەوری ژنان لە سەقامگیری ئاشتیدا و لیپرسراویەتیی ژنان لەو بارەیەوە و هەروەها کە دژی ئەو بزووتنەوە فاشیستیانە قسەی کرد بوونەتە ریگری لەبەردەم گەشەی بزووتنەوەی یەکسانخوازی ژنان . پاشان ئیشارەی بەوەدا هەرچەندە تەمەنی لەریزی پیرەکاندایە بەلام بە بینینی ئەم بەشدابوانەوە بەبیستنی قسەو باس و هاوپشتيیەکانیان ، گرینتی تەمەنی 5 سالی دریژی بۆ خۆی نرخاند. جگەلەوەی مەراسیم چەند برگەیەك لە نمایشی دانس و شیعر خویندنەوەی پیشکەش کرد ، مەراسیم بە شۆرو شەوقی ئامادەبوان کۆتایی پیهات.....

-بەرواری 11-3 لە هۆلی کیریا لە مەرکەزی شاری هیلسینکی مەراسیمیکی شکۆدار لەلایەن ریکخراوی ئازادی عیراق و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە ریکخرا ، ژمارەیەکی بەرچاولە دۆست و ئاشنایانی حیزب لە شاری هیلسنکی و لەهتی و ئیسپۆوتامپراوە هاتبوون ، لەویدا هەریەك لە ئالا فەرەج نوینەری ریکخراوی ئازادی ژنان و نوینەری حیزب لە

فنلاند ووتەیەکی پیش کەش کرد و پاشان سەهەندی حوسەینزادە ووتەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران_حیکمەتیستی پیشکەش کرد ، کە باسی لەدەوری ئیسلام و یاساکانی لە کۆیلەکردنی ژنان و چەوساندنەوەیاندا کرد و ریگاچارەی نەجاتبوونی لەم وەزعە خستە روو، پەیام وبروسکەکان خویندرانەوەو ئەوشەوە تا سەعات 10ی شەو بەبەردەوامی بە جەژن و ئاهەنگیکی قەشەنگ توانرا ریز لە رۆژی جیهانی ژنان بگیرێت.....

**ئالاّ فەرەج**

**نوێنەری ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق لە فنلاند**

2006-3-12